بەراست نەدەزانی و نەیدەسەلماند.

مانگەکانی رەزبەر و گەلاڕێزان، دژەهێرشی پێشمەرگە و خۆبێشاندان و راپەڕینی جەماوەری گەلی کورد بوو بۆسەر سوپا و داودەزگەکانی ئێران لە کوردستان. بەسایی خەباتی هاوبەشی تێکڕای پێشمەرگە و گەلەوە، هێزەکانی ئێران لەهەموو بەرەکانی شەڕدا تووشی زیان و شکستی گەورەهاتن و، کوردستان بوو بە گۆڕستانی "جیهادچییەکان" و کەرەستە و ماشینی گەلاڕێزان، ئایەتوڵلا خومەینی - ئەو کەسەی سێ مانگ پێشتر، لە پەیامێکی هەڕەشەئامێزدا، داوای لە فەرماندەکان و تێکڕای هێزەکانی ئێران کرد، لەماوەیەکی کورتدا، کوردستان سەرکوتبکەن و، لەدژی نەتەوەی بندەست و کۆیلەی کورد، فتوای جیهادی دەرکرد، ناڕاستەوخۆ دانی نا بە شکستی ئەنفالچییەکانیدا و، بە ناچاری ئاگربەسی راگەیاند و، پەیامێکی بەرواڵەت ئاشتیخوازانەشی بۆ گەلی کورد بلاوکردەوە.

ئەوکاتی گەلی کورد لە رۆژهەلات، شاندێکی هاوبەشیان پێکهێنا کە لە مامۆستا شێخ عیزەدین حسێنی، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی ئێران و، لقی کوردستانی رێکخراوی چریکە فیداییەکانی ئێران پێکهات. لەئێران شاندی کورد بە "هیئت نمایندگی خلق کرد" (دەستەی نوێنەرێتیی گەلی کورد) ناوبانگی دەرکرد.



**وێنەی وتووێژی نێوان شاندی کورد و رژێمی ئێران لە شاری مەهاباد**

جەنگی سووتاوی رژێم. لەهەموو بەرەکانی شەڕدا پێشمەرگە سەرکەوتنی بەدەستدێنا و، سوپای سەتان هەزارکەسیی رژێم بەتەواوەتیی کەوتبووە دۆخی بەرگریکردنەوە. ئەوەش کاربەدەستەکانی ئێرانی ناچارکرد، بیرێکی کوورتر و هەوڵێکی بەپەلەتر بدەن بۆ وەستاندنی شالاوی بێپسانەوە و ئاگرینی پێشمەرگە و، لەرۆژی ٢٦ی جەماوەری کورد، پەیامەکەی خومەینی و دەوڵەتی ئێرانی بە نیشانەی کۆتاییهاتنی خوێنڕشتن لە کوردستان و، جێبەجێبوونی داخوازییەڕەواکانی وەرگرت، چۆنکە لەگەڵ بلاوبوونەوەی پەیامەکە و ناردنی شاندی رەسمی رژێم بۆ کوردستان، جێژنی خۆشی و شادی لە شارەکانی رۆژهەلاتدا بەرێوەچوون.

کەسایەتی و رێبەرانی سیاسیی شاندی رژێم بریتیبوون لە: هەندازیار هاشم سەباغیان، داریوش فرووهەر و هەندازیار عیزەتوڵلا سەحابی. شاندی رژێم لە کوردستان، ناوی نرا "هیئت حسن نیت" (شاندی نیاز باشی).

رۆژنامەکانی بەناوبانگی ئورووپا لەوانە: رۆژنامەی "دەیلی تێلێگراف"، "فاینشناڵ تایمز"، "گاردیەن" و